www.kurdistannet.org
21-7-2006 10:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تەعریب بە دەستی خۆمان ... تەعریب بەشێوەیەکی تر ... عومەر شریف

**کفری**

**کولتووری کورد هەمیشە پڕ لە پەند و عیبرەتی سەنگین و رەنگینە، چەند دەوڵەمەندە میللەتی ئێمە بۆ هەر بوارێکی ئەم ژیانە چیرۆکێک و پەندێکی وای داناوە بۆ هەمیشە زیندووە و کۆن نابێت و دەکری سوودی لی وەربگرین، دەڵێن پیاوێک لە دوادوای تەمەنیدا لە هاوسەرەکەی کەوتبووە گومانەوە کە خێزانەکەی پیس و پۆخەڵە قێز لە خۆی و ئەو خواردنەی کە دروستی دەکات و هەر جارەکە و بە بیانویەک خۆی لی دوور دەگرێت و جارێک سوێرە و جارێک چەورە و بی خوێیە و جارێک نەکوڵاوە.. هتد؟ گرنگ ئەوەیە نەیخوات! هاوسەری بەستەزمانیش تێناگات و بی ئاگایە! جارێک چای بۆ دادەنێت پیاوەکە ئەلێت ژنەکە نایخۆمەوە ساردە! ئەویش پەنجەی دۆشاو مژەی دەکاتە ناو پیاڵەکە دەڵێت دەست ئەسوتێنێت بەخوا دەیخۆیت، پیاو لە دوورەوە بێزی دەهات ئێستا پەنجەی تی دەکات و دەبی بیخوات؟!**

**لەو رۆژەوە خوا کورد و عەرەبی دروست کردووە دانومان بە یەکەوە نەکوڵاوە و دوور بەو دۆست بە پڕ بەرمان بووە، لەوەتی عێراق دابەش بووە عەرەب هاتووەتە حوکمرانی کوردستان، لە شۆرشەکان و ناوچە ئازادەکانی بن دەسەڵاتی شۆڕشی لی دەرچێت هەر ئەوان برا گەورە هەر ئێمە برا بچووک هەر ئەوان خاوەن ماڵ و ئێمەش دەربەدەر، هەندی جاریش لە جیاتی ئەوان شەڕ و کوشت و کوشتارمان بۆ کردووە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە کوردستان بە گشتی هەناسەیەکی هاتەوە بەردا فیدرالی چووە ناو دەستوور و ئۆخەی خوایە گیان رزگارمان بوو، سنوری کورد و عەرەب دیاری کراوە و تەواو، نەخێر عەرەب بەوەشەوە نەوەست و جارێکی تر کەوتنەوە وێزی کورد سەدان کوردیان کوشت و شار بەدەر کرد لە خواروی عێراق جارێکی بە تومەتی کورد و جارێک بە تومەتی سونی و جارێک بە تومەتی شیعە و جارێک بە تومەتی پیاوی بێگانە! ئیتر درێژەی نەدەینی ماڵە عارەبێک لە کوردستان هەزار و یەک حسابی بۆ دەکرا رۆژ بە رۆژ بەرەو کەم بوون دەچوون، بە هەزار تکا و نزا ماڵە عارەبێک لە کەرکوک دەردەچوو دەی تر دێتە جێگای، کە ماڵە کوردێک دەگەڕایەوە پەنجا چەلەحانێیان دەهۆنییەوە کورد دنیای داگیرکردوە و نەخشە سیاسی دەگۆڕن!!**

**ئێستا بە هەزاران خانەوادەی عارەب لە کوردستان بە تایبەت شارە گەورەکان، بی ئەوی بزانین کێن و چین و بۆ چی هاتوون و لە چ گەرکێک دانیشتوون و کەی دەرۆنەوە؟ هەزاران کرێکاری عارەب هاتوون و گشت کون و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە شارەزان باشتر وایە ئەمانە ئەگەر ئاوارەن وەکو پەنابەر هاتوون ئۆردوگایان بۆ بکەنەوە و داوا لە ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن یارمەتی و کۆمەکیان بۆ بکات و ناسنامەی کاتی تایبەتیان بۆ بکەن و باشتریش وایە لە دەرەوەی شار بن موڵەتی ناو شاریان بە پسولە بێت، داخەکەم ئێمە بە میوانیان دڵ تەنگ ئەبووین ئەوە بوونە خاوەن ماڵ! ووتمان وەرن بۆ قاوەڵتی نەک بین و دایکوتن.**

**ئەم بابەتە بۆ نیومانگی ((زەنگ)) کە گۆشەیەکی تایبەتیم هەبوو نوسرا بەلاّم لەبەر چەند هۆیە دەستم لە گۆشەکە هەڵگرت وهەوڵ ئەدەم ناوە ناوە لەسەر هەمان رێچکە درێژبەم جۆرە نوسنانە بدەم0**